www.dengekan.com

Zeng

### لەكەنەداوە، كازیوە ساڵح بۆ "زەنگ" دەدوێت:

# من پێم وانییە وشە و چیرۆک و نووسین بتوانێت مافی گەرمیانییەکان بدات



"ئەو كاتەی هێشتا بە تەواوی فێری خوێندنەوەی ئەلف و بێ نەبووبووم، لە گەڵ ئەوەشدا كە كۆپلەیەك شیعرم دەبینی لە سەر پەڕاوێكی تایبەت كە بۆ ئەو مەبەستە دامنابوو دەمنووسیەوە"..

كازیوە ساڵح، لە چێوەی دواندنێكی چڕدا بۆ "زەنگ" ئەمانەو باس گەلێكی تریش دەوروووژێنێت..

كازیوە، لەكوردستان ڕۆژنامەنووسێكی لێهاتوو، چیرۆكنووسێكی بەتوانا، و هەڵسوڕاوێكی دیاری ناو بزووتنەوەی ژنان بوو، ئێستاش وێڕای ئەوانە، لەكەنەدا خوێندكارێكی تا بڵێی سەرقاڵە..

لەناو جەنجاڵی كارەكانیدا، دوای پەیوەندییەكمان پێوەی، گفتوگۆیەكمان ئەنجامدا.

**لەلاپەڕە (٩)ی ئەم ژمارەیەدا بەشی یەكەمی ئەم دواندنە بخوێنەوە.**

### لەدواندنێکی تایبەتی "زەنگ" دا

# کازیوە ساڵح, باس لە نووسین و ڕۆژنامەنووسی و دەسەڵات و ژن دەکات

**دواندنی/ سامان کەریم** **بەشی یەکەم**



**هەرچۆنێك بوو, پەیوەندیم پێوەکردو داوام لێکرد, کە بۆ زەنگ بیدوێنم.. دوای ماوەیەکی زۆر ئیمێلێکی بۆ کردم و بەداوای لێبوردنیشەوە, پێی وتم: "وێڕای سەرقاڵیم ئامادەم وەڵامت بدەمەوە" ..**

**کازیوە, تا لەکوردستان بوو" کچێکی قەڵەم بەدەستی بوێرو لێهاتوو بوو, ئێستاش لە "کەنەدا" هەر وا ماوەتەوە, دەردی دڵی زۆرە, چونکە لێرە, کەمی پێنەکراوە.. تەنانەت "یاسا"ش غەدری لێکردووە!!**

**پرسیاری من و وەڵامی ئەو, ئەم دواندنەی لێکەوتەوە, کە تیایدا کازیوە ڕاشکاوانە دەدوێت..**

**زەنگ:** ساڵی 1989بە هۆی کوردایەتیەوە لە خوێندن دوور خرایتەوە, ئەکرێ ئەوەمان بۆ ڕوون بکەیتەوە؟

**کازیوە:** لە گەڵ ئەوەی ساڵانە ڕووبەڕووی دەربەدەری و تاڵانی ماڵ و بە جێهشتن دەبووینەوە. من و خوشك و براکانم هەر لە سەرەتای چوونە قوتابخانەمان ڕۆژانە قەرەبووی کوردپەوەری خێزانەکەمان داوە, لە ڕێگەی سزادان و نمرە لێشکاندن وبێبەشکردنمان لە چالاکیەکان و سوکایەتی پێکردنمان لە لایەن هەندێ لەو مامۆستانەی کە خۆیان بەعسی بوون و هەندێکیشیان براو کەس و کاریان بەعسی بوون, برا و کەسی هەر کامەیان بە دەستی پێشمەرگە سزای بخواردبا بەیانی کە دەگەشتین بە قوتابخانە داخی دڵی خۆی بە دارەکەی دەستی لە سەری ئێمەدا دەشکاند. زۆر جار بە پرسیارکردنی ئەو توندوتیژییە بێئەندازەی عەقڵی منالی نەدەخوێندەوە هەناوی دایکمان ملەما دەکرد. تا گەشت بەوەی لە ساڵی 1989 دا بە تەواوی لە خوێندن دوور خرامەوە, گوایە لە خێزانێکم کە مام و کەس و کارم پێشمەرگەیە و باوکم زیندانی سیاسیە وگومان لە خۆم دەکەن سەر بە ڕێکخستنی ناو شاربم.

**زەنـــــگ:** سـەرەتاکانی تێکەڵاووبوونت لە گەڵ نووسین و خوێندنەوەدا کەی بوو؟ چۆن بوو؟

**کـــــازیوە:** سـەرەتای تێکەڵاوبوونم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خواستانەی کە بەرائەتی منالیی ڕاڤەیان دەکات, ئەو کاتەی هێشتا بە تەواوی فێری خوێندنەوەی ئەلف و بێ نەبووبووم, لە گەڵ ئەوەشدا کە کۆپلەیەك شیعرم دەبینی لە سەر پەڕاوێکی تایبەت کە بۆ ئەو مەبەستە دامنابوو دەمنووسیەوە, یان ڕاستترە بڵێم وێنەم دەگرتەوە, چونکە نەمدەتوانی بە باشی بیخوێنمەوە بەڵام ئەو چۆن نووسرابوو وەکو خۆی کۆپیم دەکردەوە و وێنەی ڕەنگاو ڕەنگم دەنووساند بە لاپەرەکانەوەو هەتا بە تەواوی فێری خوێندنەوەی ئەلف و بێ بووم, دوو دەفتەری گەورەم هەبوو کە پڕکرابوونەوە لە شیعر, بەبێ ئەوەی بزانم ئەو شیعرانە سۆزدارین, بەرگرین, منالانن, کۆمەڵایەتین, یان چیدی و بۆ چ مەبەستێك نووسراون و خۆشم بۆ چ مەبەستێك جارێکی دی لە دەفتەرێکی ڕازاوەدا دەیاننووسمەوە, تەنها دەمزانی ئەو کۆپلە نووسینە ڕێکخراو و قافیەدارانەم خۆشدەویست و ئەو دەفتەرانەش نزیکترین هاوڕێم بوون, کە لە ڕاپەڕیندا لە گەڵ تاڵانکردنی ماڵەکەمان ئەو دەفتەرانەش بەر تاڵان کەوتن, گەورەترین گورزی لە ڕۆحی مندا. من ڕۆژانە ئەو دەفتەرانەم لاپەرە لاپەرە هەڵدەدایەو و سەیر ئەو وێنانەم دەکرد کە پێوەم نووساندبوون, هەر هەوڵدان لە گەڵ خوێندنەوە و حونجەکردنی ئەو شیعرانە فێری کوردی خوێندنەوەی کردم, لە کاتێکدا خوێندنم عەرەبی بوو, جیهانی من لە گەڵ ئەو دەفتەرانەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سێی سەرەتایی و بەردەوام بوون لەو جیهانەدا هەتا ئەو سەردەمەی فێری خوێندنەوەی کتێب و تێگەشتنی شیعر بووم.

**زەنگ:** تۆ شیعرت نووسیوە, سەرنووسەری دوو گۆڤار بوویت, ڕۆمانت نووسیوەو چیرۆکیش ...لە کامیاندا خۆت دەبینیتەوە؟

**کازیوە:** لە هەموویاندا خۆم بینیوەتەوە, چونکە هەرگیز بۆ نووسینی بابەتێك پێشتر خۆمم ئامادە نەکردووەو چواچێوەیەکم بۆ دانەڕشتوە چی دەنووسم و بۆ کێ و بە چ زمانێك دەنووسم, نووسینەکەم چ ڕێبازێك لە خۆی دەگرێت, پێم خۆش بووە نووسین لە هەموو کۆت و ناونانێك ئازادبکەم و بە شێوەیەکی خۆرسك و سروشتی بابەتەکان لە وێنەی چیرۆك, بەرهەمی منالان, وەرگێڕان, لێکۆڵینەوە (من خۆم بە شاعیر نازانم گەرچی نووسینەکانی سەرەتام بە تەواوی زمانی شیعر زاڵ بوو بە سەریدا) بەڵام لە شێوەی پەخشان و زمانی شیعریدا هەندێ بەرهەم هاتونە بوون, واتە هەتا ئەو بەرهەمە منی نەنووسیبێتەوە من ئەو بەرهەمم نەنووسیوەتەوە.

**زەنگ:** سالی 2000 بە هۆی بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەیەك بە ناوی (ڕیشەی دەسەڵات لە قورئاندا ) لە گۆڤاری نڤاردا, ڕووبەڕووی دادگا کرایتەوە, بڵێی ئەو بابەتە دەرچوون بووبێت لە یاسای ڕۆژنامەوانی, یان دەسەڵات ئەوەی پێ هەزم نەکرا؟

**کـازیوە:** دیارە هەموومان دەزانین ڕێز و سەروەری یاسا لە چ نووچدانێکدایە لە کوردستان و هەتا ئێستا چ پاشاگەردانێکە, یاسای ڕۆژنامەوانیش لەو خراپتر و ڕێزی ڕۆژنامەوان نەگیراوە هەتا یاسایەکی مرۆڤانەش پابەند بکرێت بە ماڤ و ئەرکەکانی, ئەوەش لە مەسەلەی سزادانی مندا هەتا ئێستا شەرمەزاری بە باڵای یاسا و دەسەڵاتی کوردی بڕیوە, سزادانم بوو بە یاسایەکی کۆنی عێراقی مادە 200 بەندی دوو یاسای سزادانی عیراقی ساڵی 1969 کە بە پێی زانیاری پارێزەرەکان ئەو یاسایە 15 ساڵ بوو تەنانەت ڕێژیمی سەدامیش بەکاری نەهێنابوو لە سزادانی ڕۆژنامەنووسە نەیارەکانیدا, لەوەش نامرۆڤانەتر سکاڵا تۆمارکردنی داواکاری گشتی دادگا بوو, بە فشار و داوای سەرەوە و دەسەڵاتی سەرو یاسا (بە بەڵگەوە) ,سەرباری سکاڵای لایەنە ئیسلامیەکان و مەلا محەمەد ئەمین, داواکاری گشتی دەبێت کارکردنی بخاتە خزمەتی خەڵکەوە و بەرگریان لێ بکات بەڵام ئەو بەناوی خەڵکەوە سکاڵای تۆمارکردبوو, سکاڵای ئەویش تەنها بە بڕیارێکی هەمان سەرەوە (واتە دەسەڵاتی یەکەم) هەڵدەوەشایەوە, چەندین یاری ژێر بە ژێری دی, ئێستا کاتی باسکردنی نیە. ئایە ئەوانە هیچ یاسایەك لە خۆیدەگرێت؟! ئایە یاسا ڕێگە دەدات بەو شێوە نامرۆڤانە سووکایەتی بە ڕۆژنامەوان, بە مرۆڤ, بە ژن بکرێت؟ ئایە بڵاوکردنەوەی بابەتێك هەرچۆن بووبێت ناوەرۆکی بابەتەکە ئەوەی دەویست مەلا و ئیسلامی و دەسەڵاتی یاسا و دەسەڵاتی ناوچەکە ببن بە یەك لە سەری و تێکڕا داوا تۆمار بکەن؟

باشە ئێمە کۆمەڵێ لاو بووین پێمان وابوو سێ کوچکەی حەرامکراو پێویستە لە چوارچێوەی بڤە بێتە دەرێ بۆ چوارچێوەی تاوتوێکردن و گفتۆگۆ و لێك تێگەشتن, ئەوەش کەمترین ماڤی سیڤیلیە لە کۆمەڵێکی مەدەنیدا, پێمان وابوو ئەو سیستمەی کوردی پێ دەبرێت بەڕیوە گەر لاوان قوڵی هۆشیارکردنەوەی لێهەڵنەماڵن بەرەو لێژبوونەوە بەرەو کەنارە تاریکەکانی جەهل و خورافە دەبرێت, بۆیە دەبێت هەمولایەنەکان بە بێ جیاوازی ئایدۆلۆژی بیرو ڕا لە خزمەتی کێشە مرۆیەکاندا بین, وابزانم ژمارەکانی هەردوو گۆڤارەکەشم شاهیدی ئەوە دەدەن کە چەند ڕاستگۆیانە ئەوەی لە کۆمەڵێکی مەدەنیدا پێی دەڵێن دیموکراسی و ئازادی ڕادەربڕین پراکتیکم کردبوون و لە چەپێکەوە هەتا ئیسلامییەك و ناسیۆنالستێك و...تاد ڕا و بۆچوون و بەرهەمی خۆیان هەبووە و بڵاوکراوەتەوە. ئەوەش حەقیقەتی دنیای مەدەنی و دیالۆگکردنە, بەڵام لە سەر ئەو حەقیقەتانە فەرهاد فەرەج کوژرا, هاوژین مەلا ئەمین بەر دەستڕێژی فیشەك دراو تەمەن غەدری لێنەکرد و ژیانی پێ بەخشیەوە,... کازیوەش لە مردن ڕزگار بوو, بەڵام مەنفا کرا بە نیشتمان و کوچەی (ئایە دەسەڵاتی کوردی هەتا ئێستاش گەشتووە بە ئاستی ئەو جۆرە هۆشیارییە؟).

ئایە ئەوانەی ئەو کاتە هەڵویستی نادروست و نامرۆییانەیان هەبوو, ئەو دەسەڵاتەش پشتگیری کردن و نەیهێشت خەونێکی گەنجانە لەو وڵاتەدا بپشکوێت, ئەمڕۆ پاش ئەوەی بۆچوونەکانی ئێمە ڕاست دەرچوون و ئەو نیشتمانە بووە بە لانەی تیرۆریست(بە هەموو جۆرەکانیەوە)و توندڕەو "زانا" ئاشکرا و نائاشکراکانی ناو کۆمەڵی کوردی, چی بە ئێمە دەڵێن, چەند شەرمەزاری ئەو کۆمەڵەن؟! بێ گومان لە وەڵامدا هەر ئێمە قەرزاربارین.

بۆیە مەسەلە هەزم نەکردنی بابەت نیە, مەسەلە هەزم نەکردنی مرۆڤی خاوەن گووتارە, ڕۆشنبیری خاوەن گووتار ڤێزەون و هەزم نەکراوە, ئەی ئەگەر ئەو خاوەن گووتارە ئافرەت بوو؟ ئەو ئافرەتەش لە ناو کۆمەڵێکی سیاسی و مرۆییدا بێت, کە هەتا ئێستا ژن لایان لاشەیەکی نەزۆکە و لە قاچیەوە هەتا ناوکی دروست بووە, ئەو دەسەڵاتەش ڕانەهاتبێت بەوەی ئافرەت پێی بڵێ پشتی چاوت برۆیە؟ لە کوێی ئەو وڵاتەدا جێگەی دەبێتەوە!!؟